## ٥. خواست لەسەر بەرهەمەکان

«خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکانمانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەتایبەت زەیتونەکەمان و ئەو زەیتەی کە بەرهەمی دەهێنین». ئەحمەد ئیسماعیل، باخەوان لە قەزای کفری وا دەڵێت.


هیدایەت ئەحمەد، باخەوان لە ساڵح ئاغا سەر بە ناحیەی قۆرەتو وتی: خواست لەسەر بەرهەمەکانم بە گشتی هەیە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەتایبەت ترێکەم کە زۆر باشە و دەیبەینە عەلوە بەرناکەوێ و راستەوخۆ دەبرێت.

بەهەمان شێوە، عەبدولسلام ئەنوەر، باخەوان لە ناحیەی کۆکس هێما بۆ ئەوە دەکات: «تەڵەبێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکانمە بەتایبەت هەنارەکەم لە عەلوە بەرناکەوێت، بەجۆرێک کە دەڵێن هەناری کێ باشە دەڵێن هەنارەکەی من».

دەشڵێت: باخەکەشم لەسەر رووبەری ١٦ دۆنمە هەر بەرهەمێکم ساڵانە بە لای کەمەوە ٤٠ بۆ ٥٠ تەن بەرهەمی هەیە بەتایبەت هەنارەکەم کە ناوبانگی هەیە.

بونی ئەم خواستە، هاوڵاتیانیش جەختی لێدەکەنەوە. بەپێی راپرسیەک کە یەکەکەمان لە رێگەی ئۆنلاینەوە لەنێو ٢٤ هاوڵاتی کە وەکو نمونەی هەڕەمەکی وەرگیرابون، لەبارەی گرنگیدانیان بە بەرهەمی میوەی ناوخۆیی گەرمیان، وەڵامەکانیان بەمشێوەیەی لایخوارەوە بوو:

تاچەند حەزت لە خواردنی میوەی ناوخۆییە "ئەوانەی کە لە گەرمیان بەرهەمدەهێنرێن"؟




تاچەند گرنگیی بە کرینی بەرهەمی میوەی ناوخۆیی دەدەیت "ئەوانەی کە لە گەرمیان بەرهەمدەهێنرێن"؟

